لیوا یەحیا رەسوڵ لەبارەی هێشکانی ئەمریکا پەیامێکی باوکردەوە

گوتەبژی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە راگەیەندراوەکدا دەڵێت، هێرشکانی ئەمریکا پێشێلکردنی سەروەریی عێراقن و هەوڵکانی حکومەتی عێراق بۆ دەستبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە تێکدەدات. ئەمریکاش دەڵێت، پێشتر عێراقیان لە هێرشکە ئاگادارکردووەتەوە

بەرلێنیانی شەممە، 3-2-2024، فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا – سێنتکۆم باویکردەوە، "کاژێر 12:00ـی شەو (بەکاتی هۆلێر) هێزەکانمان چەند هێرشکیان لە عێراق و سووریا کرد سەر سوپای پاسدارانی ئێران و گرووپە میلیشیاکان."
لیوا یەحیا رەسوول رایگەیاندووە: "ئەم هێرشانە لە کاتێکدایە، عێراق هەوڵکانی چە کردووەتەوە لەپێناو زامنکردن و دەستبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە."

دەڵێت: "ئەم هێرشانە، پێشێلکردنی سەروەریی عێراقن، تێکدانی هەوڵکانی حکومەتی عێراقن و هەڕەشێک پێکدەهێنن کە عێراق و ناوچەکە بەرەو دەرئەنجامە پێشبینینەکراوەکان پاڵدەنێت، کە لێکەوتەکانی کارەساتبار دەبن بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە."